دەستەی دەستپاکی فەرمانی دەستگیرکردنی بە شەش ئەفسەری بالای هێزەکانی پاسەوانی سنور دەرکرد

دەستەی گشتی دەستپاکی عێراق ئەمڕۆ شەممە رایگەیاند، فەرمانی دەستگیرکردن بە شەش ئەفسەری بالای هێزەکانی پاسەوانی سنور لە پارێزگای واست کە دەرچوە بە تۆمەتی زیانگەیاندنی بە ئەنقەست بە سامانی گشتی و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەنجامدەدرێت. بەشی لێکۆڵینەوەی دەستەی دەستپاکی فیدراڵی بڕاویکردەوە، دادگای لێکۆڵینەوە کە بەرپرسیارە لە پێداچونەوە بە کەیسەکانی دەستپاکی لە پارێزگای واست فەرمانی دەستگیرکردنی لە دژی شەش ئەفسەر لە فەرماندەیی پاسەوانی سنوری ناوچەی سێیەم دەرکردوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، تۆمەتباران کە پلەی (عەمید، عەقید، مقەدەم و رائید)یان تێدایە و چەندین پێستیان هەبوە لەوانەش بەڕێوەبەری بەشی ژمێریاری و کارگێڕی، بەشی میرە، بەرپرسانی بەشی کۆنترۆڵی دارایی و میرە، هەروەها ئا فەرماندەی فەوج و ئەفسەرێکیش لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی کارمەندان لەناو تۆمەتبارەکان هەیە، سەرجەمیان سەرپێچییان ئەنجامداوە و بونەتە هۆی بەفیڕدانی سامانی گشتی بەشێوەی ئەنقەست.

باسی لەوەشکردوە، ئەو سەرپەچیانەی ئەنجام دراون بە نونەرایەتی ئەفسەرانی لیژنەکانی وەرگرتنی موچە و ئەفسەرانی ژەریاری فەرماندەیی پاسەوانی سنوری ناوچەی سیەمی وەرگرتن و دانانی بۆی خانەنشینی بوەن بۆی ملیارەك و 838 ملیۆن و 888 هەزار و 234 دینار بە خەرجی رۆژانە تەرخانکراوە، بەڵام بە مەبەست زیانیان بە پارەی ئەو بەشە گەیاندوە کە تێیدا کاریان کردوە.

دەستەی دەستپاکی ئاشکراشیکردوە، "لە مادەی (340) لە یاسای سزادانی عیراقیدا هاتوە، هەر فەرمانبەرێکی حکومی یان کەسێك کە بە خزمەتێکی گشتیەوە ڕاسپێردرا و بە ئەنقەست زیان بە سامان یان بەرژەوەندی ئەو قەوارەیە بگەیەنێت کە تێیدا کار دەکات یان پەیوەستە پێیەوە بەهۆی پێستەکەیەوە یان بە سندوقەکانەوە ئەو کەسانەی پێی سپێردراوە، بە زیندانیکردن بە ماوەی حەوت ساڵ زیاتر نەبێت سزا دەدرێت.